سەید حەکیم: پتەوکردنی هاریکاری نێو دەوڵەتی و ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون پاڵپشتی سەقامگیری و بنیاتنانی عێراق و ناوچەکە دەکەن

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت لە نووسینگەی ۆخی لە بەغدا پێشوازی لە بەڕێز خاتوون ئەنجی موتوشکیگای وەزیری بەرگری و سەرۆکی شەڕک□ر□ □ د□رینەکانی خوارووی ئەفریقیا کرد و لەم دیدارەش چەندین پلەداری سەربازی خوارووی ئەفریقیا ئامادەی دیدارەکە بوون.

لەم دیدارە باس لە پەیوەندی دوو قۆڵی و چۆنیەتی پێشخستنی کرا لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی هەردوو گەل و سماحەتی ستایشی ئەزموونی خوارووی ئەفریقیای کرد لە بوارەکانی بنیاتنان و ئاوەدان کردنەوە و قەیڕانەکانی کۆمەڵگا،سەید حەکیم ڕوونیکردەوەش کە عێراق وێرای تەواو بوونی کاری هاوپەیمانێتی نێو دەوڵەتی بۆ شەڕی داعش بەلام توانای هەیە ئەو قەیڕانە تێپەر بکات و گوتیشی ئیسستا تەنها قەیرانی ئابووری لە ئارادا هەیە ئەویش بەهۆی ڕووداوەکانی ناوچەکەیە و هانی وڵاتاین جیهانی دا کە رۆڵ بگێڕن بۆ ئەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە.